# نەتەوە و حەکایەت یان حیکایەتەکانی نەتەوەیەك




سۆران حەمە نوری

**دیکتاتۆر شاعیرێکە و هەرگیز ناتوانێت شیعر بنووسێت!**

**لە (کتێبی نەتەوەو حەکایەت)ەوە**

کەرەستە شاراوەکان و ئەو بابەتانەی جێگەی لێدوان و سەرنجی وردی چاوی ئێمەن، ئەو بابەتگەلەن کە زۆر جاران مرۆڤی ئاسایی هەستیان پێناکات و نایان بینێت، یان دەیانبینێت و جێگەی سەرنجی نابێت، بەڵام هەمیشە بابەتە پەراوێزەکراوەکان و کێشە گەرم و گوڕەکان کۆمەڵگە لەلایەن کەسانێکەوە سەرنجیان دەدرێتێ و مانای وایان لێ بەرهەمدێنێ کە ڕەنگە لای مرۆڤی ئاسایی ڕاگوزەری بێت و جێگەی بایەخ نەبێت، هەربۆیە ئیش و کاری ڕەخنەگر و ڕۆشنبیر بە پلەی یەکەم هەوڵدانە بۆ ئاشکراکردنی ئەو کەرەستە جیاوازانەی کە لەلایەن زۆرینەوە جێگەی وردبوونەوەنین، هەروەك ئەو کارە ئەناتۆمکارییانەی ڕێبوار سیوەیلی لە کتێبی (نەتەوەو حەکایەت)دا ئیشی لەسەرکردوون.

کارکردنی ڕێبوار سیوەیلی لە (نەتەوەو حەکایەت)دا کارکردنێکە کە پێشتر خوێنەرەکانی خۆی لەسەر ڕاهێناوە، هەروەك لە ئەزموونی کتێبە پێشینەکانیدا، بەتایبەتیش لە کتێبەکانی (دیاردەگەرایی تەراوگە، دنیای شتە بچووکەکان، نووسین و بەرپرسیاری)دا ئەم ئیشکردنە بە قوڵی هەستی پێدەکرێت و سەرجەمی ئەو کتێبانەی ڕێبوار سیوەیلی گەڕانێکە بە دوای دۆزینەوەی مانای گەورە و فراوان لە شتی بچوك و کەم بایەخی زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێمە.

(نەتەوەو حەکایەت) ئیشکردنێکی سۆسیۆلۆژییانەیە لە دۆزینەوەی مانای کولتووری لە کۆی ئەو نەریت و ترادیسیۆنانەی کە لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی شێوازەکانی بیرکردنەوەو ئاکاری تاکی کۆمەڵگەی ئێمەوە لە دایکبوون، ئەو لەم کتێبەدا گەڕاوە بە دوای دۆزینەوەی مانای نوێ لە دەیان چەمکی وەك (شەڕ، ئازادی، ئەزموون، ئەدەب، تیرۆر، سیاسەت، ڕاپەڕین، دیموکراتیزەکردنی خود، نیشتماندۆستی......هتد).

سەرجەم ئەو مانایانەش کە ئەو لەم کتێبەیدا پێیگەیشتووە و خوێنەر دەیخوێنێتەوە ماناگەلێکی وردن و پێشتر خوێنەر هۆشیار نەبێت کەم خوێنەر هەستیپێکردوون، ئەو هەوڵی داوە وەك کارەکتەرێکی نووسەری پۆتۆبیگەرا بچێتە هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەڵگەی ئێمە و پرسیار لە هەموو شت و لە هەموو بیرکردنەوەو ئاکار و ڕەوشت و حاڵەتە جیاوازەکان بکات، بە بڕوای من ئەم هۆکارە یەکێکە لە سەرەکیترین ئەو هۆکارانەی کە وایکرد ئەم کتێبە لە هەردوو چاپەکەیدا پێشوازییەکی بەرفراوانی لێبکرێت و لەماوەیەکی کەمدا لە کتێبخانەکاندا نەمێنێت، چونکە هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە دەتوانێت لە (نەتەوەو حەکایەت)دا بە دوای پرسیار و بیرکردنەوەکانی خۆیدا بگەڕێت و مانای نوێش بۆ حاڵەتەکان بەرهەمبێنێت.

ناکرێت ئەم فۆرمە نووسینە لەم کتێبەدا ئەبستراکت کەین لە ئەزموونێکی بوێرانە بۆ داتاشینی مانای نوێ بۆ چەمکە ژیانییەکان، بەتایبەتیش ئەو چەمکانەی کە زۆر جار لای خۆمانەوە بە ترس و شەرمەوە دەمانەوێت لەو چەمکگەلە بدوێین، یەکێك لەگرنگترین ڕەهەندەکانی پشت کارکردنی ئەو ڕیتواڵە لە نووسینی وتار و کتێبی ڕۆشنگەرییانە کەڵەکەبوونی ئەزموونی خودی نووسەرە، کە ئەزموون بەردەوام لە کایەی هزرییدا بە پێچەوانەی ئاراستەی وێرانەوە هەنگاو دەنێت، ئەزموون و وێرانە دژی یەکن، لەو شوێنەدا ئەزموون سەرهەڵدەدات، ئاوەدانی دێتە ئاراوە، لەو شوێنەشدا ئەزموون دیارنییە، وێرانە بەرپادەبێـت، ئەزموون ئەنجامی بزاوتن و خەباتی ئیرادەگەرییانەی تاکەکانە، لەکاتێکدا وێرانە نیشانەی پارچە پارچەبوون و بێ متمانەیی مرۆڤە بە بوونی کۆمەڵایەتییانەی خۆی. (ئەزموون و وێرانە، نەتەوەو حەکایەت لا39.)

شانبەشانی ئەزموون، چەندین چەمکی تری وەك (بەخشندەیی و لێبووردن و ڕەخنەلێگرتن و متمانە پێکردن) لای سیوەیلی دێتە ئاراوە، کە هەریەك لەو چەمکانە بە بێ چەمکی ئەزموون و سەرقاڵبوونەوە ناتوانن وەك کایەیەکی تەندروست بوونی خۆیان بسەلمێنن، بە پێچەوانەی ئەم چەمکانەشەوە بەردەوام وەك نەرێتێکی پاوانخوازی، بە ئاراستەی ئەزموون چەمکی توندوتیژی و نا لێبووردەیی دەردەکەوێت، کە زۆر جار دژە بەیەکبوونی ئەم دوو زاراوەیە (ئەزموون/ توندوتیژی) شێوازێك لە ململانێ بەرهەم دێنێت کە ململانێکە لە حاڵەتێکی نۆرماڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ زەبروزەنگ، کە بە بڕوای نووسەری کتێبی (نەتەوە و حەکایەت)ەوە، کە هیچ ئەزموونێکی واقیعی لە دونیادا نییە، گەر ئەزموونێکی بەخشندەنەبێت، یان بە مانایەکی تر بەخشندەیی نەبووبێتە خەسڵەتێکی سەرەکیی ئەو ئەزموونە، زیندوویی ئەزموونێك بە پلەی یەکەم بۆ ئەو کەسانەبێت کە بەشداربوون تێیدا و بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە سەریهەڵداوە تێیدا، ناشتوانرێت بزانرێت ئەو ئەزموونەی ئێستا چەندێ دڵی یەکبەیەکی هاووڵاتییانی نێو کۆمەڵگەی خۆشکردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە دڵخۆشی شتێك نییە بتوانرێت لە ڕێگەی سەرژمێریکردنەوە ڕێژەکەی دەربهێنرێت، لەلایەکی تریشەوە کەسمان ناتوانین دڵخۆشیی خۆمان بە دیاردەیەك بکەینە پێوەر بۆ دڵخۆشیی هەمووان بە هەمان دیاردە، چونکە ئەو حاڵەتانە هیچیان حاڵەتی هەستپێکراو و مادی نین، هێندەی ئەوەی حاڵەتێکی ناوەکی و ڕۆحین و پەیوەستن بە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە.. ( نەتەوەو حەکایەت ... لە بارەی بەخشندەییەوە لا 46-45).

من لەو پەرەگرافەدا لە ڕێبوار سیوەیلی جودا دەبمەوە کە ئەو لەو پەرەگرافەدا پێی وایە هیچ ئەزموونێکی



ڕێبوار سیوەیلی

واقیعی لە دونیادا نییە، گەر ئەزموونێکی بەخشندەنەبێت، بەخشندەیی نەبووبێتە خەسڵەتێکی سەرەکیی ئەو ئەزموونە، ئەمە تەواو پێچەوانەی سیستەمە تۆتالیتارییەکانی دونیای مۆدێرن بەگشتی و دونیا سەرکوتکەرەکانی ڕۆژهەڵاتە بەتایبەتی، من ئەوەی بیردەهێنمەوە کە دەیان ئەزموونی پێکەوە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دونیای ئێمەدا هەن و نە بەخشندەن و نە واقیعیشن، پێویست بە نموونە هێنانەوەی (ستالین و مۆسۆلۆنیو هیتلەر) ناکات، ئێستا لە سایەی دەوڵەتی مۆدێرنی هاوزەمەنماندا و لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بەشی هەرە زۆری ئەو ئەزموونە حوکمڕانییانە ئەو ئەزموونانەن کە نا بەخشندە و توندوتیژن و داخراون، ئەو حکومەتانەن کە دەسەڵات و کورسی و حوکمڕانییان وەك دەسەڵاتێکی (میراتگری و بۆماوەیی) بۆماوەتەوەو هەموو کردەی کۆمەڵگەیان هەژموون کردووەو مەگەر مەرگ پێیان چۆڵبکات، نموونەگەلی وڵاتانی خلیجی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ نموونەیەکی زیندووی ئەزموونی حوکمڕانیین، نموونەی حکومڕانی نزیکەی سی ساڵی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران نموونەیەکی ترە لە مومارەسەکردنی ئەزموونی شۆڕشگێڕانە، کە هەنگاونان لە دونیای ئەزموونگەرێتیی شۆڕشەوە بۆ دونیای دیکتاتۆری و سەرکوتکردن، لاوانی ئێران نەبوون بە هەزارەهایان لە مەیدانی (تەجریش و وەلەنجەك و دانیشجو و مەیدان ئازادی) ڕووپەڕووی زرێپۆش و تانك و تۆپی دەسەڵاتی (ڕەزا شا) بوونەوە و خوێنیان ڕژا، ئەی ئێستا ئەو شۆڕشگێڕانەی دوێنێ کە لە ئێراندا دەسەڵاتیان بەدەستە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر و هەڵسوڕاوانی بواری مافەکانی مرۆڤ بەرەو زیندان نابەن؟ ئیدی من نازانم لە کوێی ئەم ئەزموونانەدا بەخشندەیی هەیە ؟!

لە دونیای کۆمەڵگەی خۆشماندا و بە حوکمی خۆبەڕێوەبردنی دەسەڵاتی خۆماڵیی خۆشمان لە ماوەی 17ساڵی ئازادیماندا لە ژێر چنۆکی بەعسدا، لەگەڵ بوونی دنیایەك شتی جوان، بوونی پەراوێزێکی ئازادییدا، بەردەوام ئەو ئەزموونەی کە ڕێبوار سیوەیلی پێی وایە دەبێت بەخشندەبێت، نەك بەخشندە نەبووە، بەڵکو بە هێواشی مل دەنێت بەرەو تۆتالیتاری و پاوانخوازیی دەسەڵات و نا شەفافیەت و کورتکردنەوەی مەوداکانی ئازادی بەڕووی ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسان و ڕەخنەگراندا، بە دەیان نموونەی زیندوو لە ماوەی دەساڵی ڕابردووماندا بوونیان

هەیە، نزیکترین و دیارترینیان وەڵامدانەوەی ڕێپێوانی لاوانی هەڵەبجە بوو کە  لە 2007/ 16/3  بە گوللە و بە شێوازێکی توندوتیژ وەڵامدرانەوە، تا دواجار ڕێرەوی ڕێپێوان توندوتیژی و مردن و سوتانی مۆنۆمێنتەکەی لێکەوتەوە، یان زنجیرە ڕێپێوانەکانی هاووڵاتیانی گەرمیان و سلێمانی کە لەلایەن پیاوانی پۆلیس و دەسەڵاتە شۆڕشگێڕییەکەی دوێنێوە بە چەك و بە شێوازێکی توندوتیژ سەرکوتکران، ئاماژەی ئەوەمان دەدەنێ کە بەڵێ ڕاستە ئەزموونی ئێمە ئەزموونێکی شەرەفمەندانەی شۆڕشگێڕییانە بووە، بەڵام ئێستا هیواش هیواش بەرەو دیکتاتۆری هەنگاو هەڵدەنێ!

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە نوکی تیژی قەڵەمی نووسەری ئەم کتێبە هەستی پێکردووە و هزری هۆشیارانە بە دوای ئەناتۆمکاریدا دەگەڕێت قسەکردنە لە بارودۆخی شەڕ، شەڕی ناوخۆ، شەڕی شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ و دیکتاتۆرەکانی ئەمڕۆ، شەڕی تفەنگی نێوان سەنگەری پێشمەرگەکان لە شارێکی گەورەوە بۆ سەنگەری گوندێك و ناوچەیەکی چەپەك، ئەو لە بابەتی (سوری خوێنی نەتەوە، لە شەڕی ناوخۆوە بۆ شەڕی خیلاعی)، بەراوردێکی ئیستاتیکییانەی جوان دەکات لە نێوان خوێنی سوری مانگانەی ژنان و خوێنی ئەو هەموو هاووڵاتی و پێشمەرگەو مرۆڤ و گەنجەی کە لە شەڕەکانی ناوخۆدا لە نێوان سالانی 1994 بۆ 1998 بە شێوەیەکی زۆر پوچگەرانە تیاچوون.

لە کولتووری وڵاتی مندا سووری مانگانەی ژنان بەلای پیاوانەوە بە پیسبوون و بێ عەمەلبوونی ئافرەتان دادەنرێت و ئەمەش جەهەنمێکە دەبێ پیاوان بەشێوەیەکی گشتی ساڵی دوانزەجار قبووڵیبکەن، واتە لە ماوەی دانانی خوێندا ژنانی لای ئێمە هەم گوناهە مێژووییەکان لەسەر دەنووسرێت، هەم بەر تاوانی پیسبوونیش دەکەون! بەڵام سوری خوێن لای پیاوانی نیشتیمانی من، پەیڕەوی لە هیچ پرۆسەیەکی بایلۆژی ناکات، بەڵکو ملکەچیی فەرمانێکی دێرینەی کولتووری کۆمەڵگەی ئێمەیە و ئەو فەرمانە ڕەوتی شارستانیی ئێمە بەڕێوە دەبات، جاری واهەیە لەدەستدەرچوونی فیشەکێك، دەمەقاڵێی نێوان دوو کەس یان زەرینی کەرێك، بەسن بۆ ئەوەی سوری خوێندانانی نەتەوەیی ئێمە هێلکە ترووکێنبکەن! ئیدی برایەتییەکەی ئێمە، دیموکراتییەکەی ئێمە، حکومەتەکەی ئێمە و هەموو ئەو بەهایانەی کە ئێمە دڵمان پێخۆشکردوون، دەبنە ئەو حەب و دەرمانانەی کە ئێمە بە هۆیانەوە ڕژانی خوێنی عادەمان دوادەخەین(لا17).

لەم بەشەی کتێبەکەیدا ڕێبوار دوو شتی زۆر وردی دۆزیوەتەوە و بەراوردیان دەکات بە یەکتری، کە ڕەنگە هیچ کەسێك لە ئێمە لە کاتی دانیشتنی بەیانیاندا لە (W.C)یش بیرمان لێنەکردبێتەوە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی خەیاڵمان بۆ زۆر شتی سەیر و سەمەرە دەچێت، ئەو کاتانەی لە دووتوێی بیجامەیەکی خامی خەتداردا دەبین بە ژەنەراڵ و حوکمی مەملەکەت دەکەین، یان لە کاتی دانیشتنماندا لەو سەرئاوەدا سەرێك دەکەین بە ناوگەڵماندا و دەخورێنین و ئەندێشەی زۆر سەیر و سەمەرە بە زیهنماندا هاتوچۆ دەکات، هەرگیز شتی وامان بە خەیاڵدا نایەت و بەراوردی بکەین.

ئاخر چ خوێنەرێك لە ئێمە هزری بۆ ئەوە دەڕوات بەراوردی نێوان دوو خوێن بکات، خوێنێکی ژنانە، خوێنێکی پیاوانە ؟ خوێنێکی شەرعی، خوێنێکی ناشەرعی و توندوتیژی؟ خوینێکی مانگانە، خوێنێکی ڕۆژانە و بەردەوام؟ ئەو خوێنەی ژنانی ئێمە مانگانە دایدەنێن زۆر جیاوازە لەو خوێنەی کە شۆڕشگێڕەکانمان لە (کەپکی حەمەد ئاغا و چیای سەفین و زیارەت و دوکان) ڕشتیان. خوێنی یەکەمیان خوێنێکی نۆرماڵ و سروشتییە، لە پێناوی خستنەوەی نەوەو مرۆڤ دەڕژێت، ئەوەی دووەمیان لە پێناوی تەماح و نا دیموکراسی و ڕۆحی بەربەرییەتی پیاواندا دەڕژێت، خوێنی یەکەم مانگانەیە و ڕەنگە هەر مانگێك چەند ڕۆژێك پێش یان پاش بکەوێت، بەڵام خوێنی دووەمیان ڕۆژانەیە و بەردەوام لە هەناوی ئەم کۆمەڵگەیە و لە ناو قوڵایی خێزانی کورددا دەڕژێت، خوێنی یەکەم بە نهێنی و لە پەنهاندا دەڕژێت، خوێنی دووەم بە ئاشکرا و زۆر نامەردانە و ئاژەڵانە دەڕژێت، بۆیە حەقە ژنان شەرم نەکەن لە ڕژانی ئەو خوێنە و شانازیی پێوەبکەن، بەڵام پیاوان لە ئاست ئەو خوێنەدا شەرم بکەن و لولەی تفەنگەکانیان بکەن بە ناوگەڵیاندا، نەك بە ڕووی برا و هاووڵاتی و هاوزمانییەکانیاندا!.